لەم ژمارەیەدا
ل٤ دانیال میتران: جیهان ئاگاداری خەباتی کوردەکانە
ل٥ جیهانێکی ویژدا نمردوو
ل٦ ژنی لەشفرۆش یا ژنی خاوەن گرفت؟!.
ل٧ دادگایی سەدام حوسەین و ئەگەرەکانی

گەل ڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (154) یەکشەممە 6/8/٢٠٠٦

## ئەگەری هەڵوەشانەوەی عێراق لەسەقامگیربوونی دیموکراسی زیاترە

ولیام پاتی باڵیۆزی بەریتانیا لەعێراق لەنامەیەکدا کە بۆ تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرو مارکێت بێکێری وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ناردووە، نووسیویەتی: سەرهەڵدانی شەڕێکی ناوەخۆ بەگرو تینێکی کەمەوە، هەروەها هەڵوەشانەوەی عێراق گریمانێکە کە ئەگەری روودانی لەسەرکەوتن و چەسپاندنی دیموکراسی زیاترو بەرچاوترە. تەنانەت بچووکترین چاوەڕوانی سەرۆك بووش کە لەعێراق هەیەتی لەبوونی حکومەتێك کە چالاك بێ و بەرگری لەمانەوەی خۆی بکا، ببێتە هاوپەیمانێکی شەڕی دژ بەتیرۆریزم، شتێکە کە پێویستە لێی بەگومان بین.

ولیەم پاتی پێیوایە کە هەلومەرجی عێراق تا ٥– ١٠ساڵی دیکە هەروا ئاڵۆزو ناچەسپاو دەمێنێتەوە.

# مەشعان جبووری و حازم شەعلان لەشیراتۆنی هەولێر حەشار دەدرێن

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی نووچێن کوردستان، مەشعان جبووری ئەندامی پەرلەمانی عێراق و حازم شەعلان وەزیری پێشووی بەرگری کە بەتۆمەتی گەندەڵییەوە بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو لیژنەی نەزاهەت بەدوایاندا دەگەڕێت، هەڵاتوون و لەهوتێلی شیراتۆنی شاری هەولێردا خۆیان حەشارداوە. بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسەکە بەرپرسێکی گەورەی کورد کە لە وەزارەتی بەرگری عێراق کار دەکات، لەکرێنی کەرەستەی سەربازی ئێکسپایەر شەریکی حازم شەعلان بووە، ئەو بەرپرسە کوردە هاوکاری ناوبراوی کردووە تا بگاتە هەولێرو حەشاربدرێ. ئەگەر تۆمەتبار رادەستی دادگە بکرێ و نهێنیەکان ئاشکرا بن، لەوانەیە لێپرسینەوە ئەویش بگرێتەوە، بۆیە ئاسانکاری بۆ کردووەو رەوانەی شاری هەولێری کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە مەشعان جبووری کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە، بۆندەی پاراستنی بۆڕیە نەوتەکانی لەگەڵ وەزارەتی نەوت واژۆ کردبوو، دواتر دەرکەوتبوو کە دزی و گزی لەبۆندەکەدا کردووە، بڕیاری دەستگیرکردن و دادگەیی کردنی بۆ دەرچوو، بەڵام چونکە ناوبراو پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەندێك سەرکردەی کورد هەیە، بۆ ئەوەی لەدەست دادگەو دادوەر رزگاری بێت رەوانەی هەولێر کراوەو لەهوتێلی شیراتۆن جێگیربووە. بەگوێرەی زانیاریەکان، مەشعان جبووری لە ٢٤ کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بەشداری نەبووە، هەروەها هەندێك لەئەندامانی پەرلەمان دەیانەوێت حەسانەت و پاراستنی دیبلۆماسی لەسەر هەڵبگیرێ تا بتوانرێ رادەستی دادگە بکرێت.





## چوار لایەن پرۆژەی بەرەی گۆڕان پێشنیار دەکەن

رۆژی ٢٩–٧–٢٠٠٦ چوار لایەنی کوردستانی لەبارەگای بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان لەهەولێر کۆبوونەوەو بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەش رێککەوتن.

بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەو پرۆژەیەی کە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان پێشکەش بە لایەنەکانی کردبوو، رۆژی ٢٩–٧–٢٠٠٦ لەسەر ئاستی سکرتاریەت و بەشداری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەریەکە لەبزووتنەوەی دیموکراسیخوازان و پارتی چارەسەرو حزبی رزگاریی و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کۆبوونەوە، دوای گفتوگۆیەکی گەرمو گوڕ کە چەندین کاتژمێری خایاند، هەر چوار لایەن لەسەر پرۆژەی بەرەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان رێککەوتن.

**لەلاپەڕە ٣دا دەقی ئەو پرۆژەیە بخوێنەرەوە کە بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەك پێشنیار کراوە.**

## ئەمریکا لەبەرانبەر کۆمەکەکانی عێراق بۆ حزبوڵڵا داوای رونکردنەوە دەکا

حکومەتی ئەمریکا لەبەرانبەر ئەو کۆمەکە زۆرەی کە بەرپرسانی عێراق پێشکەش بە حکومەتی لوبنانیان کردووە نیگەرانە، ئەمریکا پێیوایە کە لەرێگەی حکومەتی لوبنانەوە کۆمەکەکان بەحزبوڵڵا دەگەن.

کەناڵی ئاسمانی ئەلفورات بەشێك لەو کۆمەکانەی ئاشکرا کردووە کە بەرپرسە عێراقیەکان پێشکەش بە لوبنانیان کردووە، لەم پێوەندیەدا حکومەتی ئەمەریکا نیگەرانی خۆی دەربڕیووەو داوای رونکردنەوەی لەحکومەتی عێراق کردووە.

بەگوێرەی هەواڵەکان سەرکۆماری عێراق سەد ملیۆن دینار، سەرۆك وەزیران بیست ملیۆن دۆلارو جێگری سەرکۆمار پەنجا ملیۆن دینارو وەزیری دارایی پێنج ملیۆن دینارو حزبوڵڵای عێراق ١٠ ملیۆن دیناریان پێشکەش بە لوبنان کردووە، ئەمەریکایەکان ئەمە بەزیادەڕۆیی دەزانن و پێیانوایە بەزیانی ئەوان تەواو دەبێت و دەڵێن: ئێمە سەدان ملیۆن دۆلارمان لەپێناو رووخاندنی سەدام و رزگارکردنی عێراق سەرف کردووە، کەچی ئێستا سەرکردەکانی عێراق بەپارە کۆمەکی حزبوڵڵا دەکەن و منداڵەکانی عێراقیش وێنەی حەسەن نەسروڵڵا بەرز دەکەنەوەو ئاڵای ئێمە دەسووتێنن.

## سەرۆکی حکومەت لەگەڵ سەرۆکی kkk کۆدەبێتەوە



بەگوێرەی هەواڵەکان لەنیوەڕاستی هەفتەی رابردوودا لەسەر داخوازی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی کۆما کۆمەڵێن کوردستان کە کەسی دووەمی ناو پارتی کرێکارانی کوردستانە، سەردانی هەولێری کردووە. لەکۆبوونەوەیەکی داخراودا لەگەڵ رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و رێزدار عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆبۆتەوەو رەوشی هەبوونی پەکەکەی لەچیای قەندیل تاوتوێ کردووە. بەگوێرەی هەواڵەکان سەرۆکی حکومەت نیگەرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بە میوانەکەی راگەیاندووەو داوای لێکردووە کە بارەگاکانیان لەخاکی باشووری کوردستان نەمێنن، یان گەریلاکانی خۆیان رەوانەی باکور نەکەنەوەو شەڕی تورکیا نەکەن. هەرچەندە تا ئێستا ئەم هەواڵە بەفەرمی بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام رۆژی ٣–٨–٢٠٠٦ رۆژنامەی (حوریەتی) تورکی نووسیبووی کە قەرەیلان بریندارەو لەنەخۆشخانەیەکی باشووری کوردستان تیمار دەکرێ، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ رادەستی تورکیای بکاتەوە. هەر هەمان رۆژ قەرەیلان هەواڵی برینداری بوونی خۆی بەدرۆ خستەوەو رایگەیاند کە ئەو بریندار نییە، ئەگەر تورکیا لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان بکات، خاکەکەی لێ دەکەین بەدۆزەخ.

## یەکێتی ئەوروپا لە ئەندامێتی تورکیا نیگەرانە

ڤۆڵفگانگ شوسێل، راوێژگاری نەمسا بەرۆژنامەوانانی راگەیاند: من باوەڕناکەم دانوستاندنی تورکیا بۆ بەئەندامبوونی لەیەکێتی ئەوروپادا بەئەنجام بگات، چونکە تا ئێستا دووری لەنێوانیاندا هەیە، ئەگەر یەکێتی ئەوروپاش رەزامەندی خۆی بۆ بەئەندام وەرگرتنی تورکیا پێشان بدات، دەبێ پێشتر لەسەر ئەم بابەتە ریفراندۆمێکی گشتی لەنەمسا بەڕێوەبچێ و گەل بڕیاری لەسەر بدا.

## رۆژەڤ

تورکیا وەك هاوپەیمانێکی ئەمریکا، دەیەوێ لەسەر دەرفەت باز نەدات، سوود لەهەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق وەربگرێ و شەڕی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان پێبکات، تەنانەت رەوشی ئاوارتەیی عێراق و باشووری کوردستان بەدەرفەتێکی زێڕین دەزانێ و گوشارەکانی خۆی چڕ دەکاتەوەو بەرەو ئەو شەڕە پەلکێشیان دەکات.

حکومەتی عێراق رەزامەندی پێشان داوەو دەیەوێ نووسینگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەعێراق، ئەگەر هەبن، دابخات. خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کێشەی باکووری کوردستان بەشەڕو لێدانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان چارەسەر نابێ و ئامادەنییە بەشداری لەو شەڕەدا بکات.

ئێستا سوپای تورکیا لەئامادەباشی دایەو هەڕەشەی لەشکرکێشی نێو خاکی باشووری کوردستان دەکات، ئەمریکا لەراگەیاندنەکانیدا وابڵاو دەکاتەوە کە رێگەی، سنوور بەزاندن بەتورکیا نادات، لەژێرەوە پشتیوانی لەخواستەکانی تورکیا دەکات. حکومەتی عێراقیش لەم بارودۆخەدا ناتوانێ لەقسەی ئەمریکیەکان دەربچێ، ناچارە تیشکی سەوز بەسوپای تورکیا بدات. بەمەش دووڕیانێکی ترسناك پەیدا دەبێ، هاتنی سوپای تورکیا بۆ سەر داهاتووی عێراق هەڕەشەیەکی ئاشکرایە، بەڵام کاریگەری نەرێنی و سەنگایی زیاتر لەسەر ئاییندەی کوردستان دادەنێ. ئەمەش وامان لێدەکات کە تێکڕا دژ بەهاتنی سوپای تورکیا هەڵوێست وەربگرین. لەم پێوەندییەدا بە ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەزانین کە راشکاوانە هەڵوێست وەربگرێ و پارێزگاری لەخاکی نیشتمانەکەی بکات و رێگەی هاتنی لەشکری داگیرکەر نەدات.

ژەنەراڵەکانی تورك هەڕەشەو گوڕەشەکانیان بەرفراوان کردووە، گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش هەڵوێستی خۆیان راگەیاندووەو خۆیان بۆ بەرگریکردن ئامادە کردووە. بەم پێیە بێ، لەداهاتوویەکی نزیکدا پێکدادان و تێکهەڵچوون دەست پێدەکات. ئێمە لەگەڵ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی باکووری کوردستانین، خوازیارین کە بەژیری و لۆژیکی سەردەمانە رێگە لەخوێن رشتن بگیرێ و چیتر شەڕی دوژمنکارانە دژ بەئازادیخوازان پێڕەو نەکرێ، پێمانوایە کە رۆژهەڵاتی ناڤین بەرگەی شەڕی دیکە ناگرێ. هیواخوازین کە ئەمریکا وەفادار لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی خۆی بمێنێتەوە کە پێش هاتنی بە گەلانی ناوچەکەی دابوو. ئەگەر ئەمریکا مەبەستی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی گەورەیە، دەبێ هەوڵ بدات لەرێگەی ئاشتیانەوە کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات. ئەگەر ئەمریکا بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکات، دەبێ مافی زەوتکراوی گەلان لەداگیرکەران وەربگرێتەوە، داکۆکی لەخواستی رەوای نەتەوەکان بکات و زمانی هێزو ئاگر لەریشەوە دەربهێنێ.

لەکۆتاییدا ئەو راستیە وەبیر هەمووان دەهێنینەوە کە کێشەی گەلی کوردستان بەشەڕ چارەسەر نابێ و نەتەوەی کوردیش بەهێزی ئاگرو ئاسن لەنێو ناچێ. ئاکام خواستی رەوای گەلی کوردستان کە رزگاری و سەربەخۆییە سەر دەکەوێ.

